# یەکلاییکردنەوەی هەندێ کێشە

**حەمەسەعید حەسەن**

(1) کە لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس)ەوە کتێبێکی ئەستوور یان قامووسێک بڵاو دەکرێتەوە، دەبێ سوپاسێکی گەرموگوڕ ئاڕاستەی (نێچیرەوان بارزانی) بکرێ. ئەگەر ئەو بەرهەمانە لەسەر ئەرکی خودی ئەو زاتە چاپ دەکرێن و (نەفەقە)ی ئەو کتێب و قامووسانەی بە ڕەنجی شان و بازوو پەیدا کردووە، ئەوا شیاوی سوپاسی گەرموگوڕتریشە، وەلێ ئەگەر بە بڕێک لە داهاتی کوردستان کە بۆ دەزگای ئاراس تەرخان کراوە، چاپ دەکرێن، ئەوا پێی بزانێ یان نا، پێی خۆش بێ یان نا، شوێن پێی بەعس کەوتووە.

(2) کە شۆڤڵی ڕێکەوتنە گرنگەکەی ٨ی سێپتێمبەری سەلاحەدین، کۆسپەکانی بەردەم پرۆسەی درێژخایەنی ئاشتیی ڕاماڵی، هەردوو وەفدی پدک و ینک لە ٢٠٠٢/٩/١٥ دا، لە **کۆیە** خڕ بوونەوە. ئەوی لەو کۆبوونەوەیەدا کۆتری سەرنجی منی بەند کرد، دەفرێکی پڕ لە هەنجیر بوو، ئاخر هەنجیری فرێش لە سوید زۆر گرانە.

مێزی کۆبوونەوەکە بێجگە لە چەندان جۆر لە میوە، خەیاریشی کە سەوزەیە لەسەر بوو. دیارە برایانی ینک دەزانن خەیار سەوزەیە و لە خۆڕا ئەو سەوزەیەیان لە نێو ئەو هەموو میوەیەدا قوت نەکردبووەوە. بوونی ئاروو لە کۆبوونەوەیەکی وا هەستناکدا، کە داهاتووی کوردستانی پێوە بەندە، گەلێ لێکدانەوە هەڵدەگرێت. لەوانە:

* خەیار سەوزە و ڕەنگی سەوزیش سیمبۆلە بۆ ینک.

* وەک چۆن ڕەنگی سەوز باڵی بەسەر مێزەکەدا کێشابوو، (ینک)یش لە داهاتوویەکی نزیکدا باڵ بەسەر کوردستاندا دەکێشێ.

* لە کۆبوونەوەی داهاتوودا گەورەترین خەیارخۆری کورد(١) محەمەدی حاجی مەحموود، وەک نوێنەری حیزبە کوردستانییەکانی دیکە، ئامادە دەبێت.

(3) کەریم ئەحمەد (سکرتێری حیزبی شیوعی کوردستان/عێراق) دەڵێت: لە ڕوانگەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە: ( وەک چۆن پیاوێک هەقی هەیە چوار ژن بهێنێ، ژنیش هەقی هەیە چوار مێرد بکات.)(٢)

خەباتی کۆمۆنیستەکان بۆ بەدیهێنانی یەکسانییە. یەکسانی لەو بوارەدا بەوە دابین نابێ کە ژن چوار مێرد بکا. بەوە دابین دەبێ، کە پیاو هەمان مافی ژنی هەبێ، لە یەک وەختدا لە یەک ژن زیاتری نەبێت، هەر وەک چۆن ژن لە یەک وەختدا، تەنیا یەک مێردی هەیە.

کەریم ئەحمەد بێ هیچ بەڵگەنامەیەک ئەو قسەیەی وە پاڵ کۆمۆنیستە کریکارییەکان داوە، ئاخر ئەوان نە شتی وایان نووسیوە، نە شتی وایان گوتووە. بە داخەوە ئەو پیرە کۆمۆنیستە! هانای بۆ هەمان ئەو چەکە پۆخڵە بردووە، کە دەیان ساڵە کۆنەپەرستان بۆ دژایەتیکردنی کۆمۆنیستان هانای بۆی دەبەن.

2002. 09. 22

(١) کاکە حەمە وەکوو خۆی نووسیوێتی: ‹ڕۆژێکیان لە پڵنگان فەردەیە خەیاری خواردووە.› بەرگی یەکەمی ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەک ل ٣٠٦

(٢) هەڤپەیڤین لەگەڵ کەریم ئەحمەد، ئاکۆ محەمەد، میدیا، ژمارە (١٢٨) ڕۆژی ٢٠٠٢/٨/١ ل ٧ هەولێر.